# یادکردنەوەی رۆژی شانزەی ئازەر(سەرماوەز) رۆژی خوێندکار و هەلپەرستیی ئیسلاحتەڵەبەکان



**خەلیل غەزەڵی**
xelilxezel@yahoo.com

پاش ئەوەی لە 16 ی سەرماوەزی ساڵی 1332ی هەتاوی (1953ز) بەکرێگیراوانی حەمە رەزا پەهلەوی هێرشیان کردە سەر زانکۆی تاران و سێ خوێندکاریان کوشت ،لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو ساڵێک لەم رۆژە وەک رۆژی خوێندکار رێز دەگیرێ و سەرەڕای کەند و کۆسپ و رێگرتنەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران (پاشایەتی و ئاخوندی) بەهەر شێوەیەک بووە لە لایەن خوێندکاران و توێژی رۆشنبیرەوە لەو رۆژە رێزگیراوە و کۆبوونەوەی ئیعترازی بەرێوە چووە. هەر لەم ماوەیەدا هەردوو دەسەڵات (پاشایەتی و ئاخوندی) بە مەبەستی چەواشەکردن و بێ قورب کردنی ئەم رۆژە ، هەوڵیان داوە بە هێنانە مەیدانی بەکرێگیراوانی خۆیان بە ناوی خوێندکار ، پێش بە رێورەسمە سەربەخۆکانی خوێندکاران و رۆشنبیران بگرن . گەرچی لەمێژ ساڵە رێبازی چەواشەکردن بەردەوام بووە ، بەڵام بایەخ و گرینگیی ئەم رۆژە هەر وەک خۆی ماوە . کە دیارە هۆکاری سەرەکیی لەمەیداندا بوونی هەمیشەیی خوێندکاران بووە بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی، دادپەروەری و دیموکراسی و وەستان دژی دەسەڵاتە سەرەرۆەکان.

ئیمساڵیش رۆژی 16ی ئازەر لە زانکۆ کانی رۆژهەڵاتی کوردستان (بە گوێرەی دەرەتان) بەرێوە چوون. لە شاری سنە ، حکوومەت لە رۆژی 16ی سەرماوەزدا دەرکەی زانکۆی کوردستانی گاڵە دا و پێشی بە هەر چەشنە جموجووڵێکی خوێندکاری گرت . بەڵام دوور لە زانکۆی کوردستان لە دوو شووێنی دیکەدا رێورەسمی 16 ی ئازەر بەرێوە چوو . یەکیان لە لایەن حکوومەت و بەهێنانە مەیدانی هێندێک لە بەکرێگیراوانی خۆی بە ناوی "بەسیجی دانشجویی" لە زانکۆی ئازاددا بەرێوە چوو . کە لە راستیدا تەنیا ناوی بیرەوەریی 16ی ئازەر بوو . لەم مەراسمەدا ئەوەی باسی نەکرا خوێندکار و ئازادی و بزووتنەوەی خوێندکاری بوو . لەبەرانبەردا باس باسی بەسیج و "شەهادەت" و "دیانەت" و .. بوو. دیارە لە رێورەسمێکی حکوومەتی (ئەویش حکوومەتی ویلایەتی فەقی) لەوە زیاتر چاوەروان ناکرێ . ئاشکرایە کە خوێندارانی ئازادیخوازی زانکۆی ئازاد ئەم رێورەسمەیان بەتەواوی بایکوت کرد.

له لایەکی دیکەوە لە "زانکۆی پەیامی نوور"یش ڕێورەسمێکی دیکە بەرێوە چوو . گەرچی بەرێوابەرانی ئەم رێورەسمە بەزۆری لە "ئیسلاح"تەڵەبەکانی سەردەمی خاتەمی بوون . بەڵام هێندێک خوێندکاریش بەشداریی رێورەسمەکەی کرد . بەرێوەبەرانی ئەم مەراسمە وێڕای باسی رۆژی خوێندکار ، بەشێوەیەکی "خشکە" باسی ئازادی و مافەکانی گەلی کوردیان کرد و لە ئاخردا بڕیارنامەیەکیان دەرکرد .
بەهۆی ئەوەی کە ئیسلاحتەڵەبەکانی سەردەمی خاتەمی چوارچێوەی ئەم کۆبوونەوەیان بەدەستەوە بوو ، ڕاگەیەندراوەکەشیان تا ڕادەیەک بە فیکری ئەوانەوە ( نەک خوێندکاری سەربەخۆ) گەڵاڵە کرابوو . ئەمە بەتایبەت لە باسی مافەکانی گەلی کورددا بەباشی دیارە . ئەم ڕاگەیەندراوە 2 بڕگەی بە مافەکانی گەلی کوردەوە گرێ دراوە ،بەندی چوار و پێنجی ڕاگەیەندراوەکە دەڵێ :
4- بەڕەسمی ناسینی فەرهەنگی گەشاوە و دەوڵەمەندی مرۆڤی کورد ( نەک گەل یا نەتەوەی کورد !! - نووسەری ئەم دێڕانە)
5- پێداگرتن لەسەر خوێندنی زبانی کوردی لە خوێندنگەکان و وەڵامی بەرپرسان لە بەرانبەر جێ بە جێ نەکردنی خەێندنی زبانی کوردی لە زانکۆی کوردستان.....
وەک دەبینین ئەم ڕاگەیەندراوە ویست و داخوازی نەتەوەی کورد تا ئاستی بە رەسمی ناسینی کەلەپووری کورد دادەبەزێنی و خەمی گەورەی ئەوەیە کە بۆچی خوێندنی زبانی کوردی لە زانکۆ دواکەوتووە . ئیتر لە هویەت و نەتەوە بوونی کورد و مافە سیاسی ،فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هیچ باسێک ناکرێ. ئەوەی ئەم بەرێزانە باسیان کردووە ،هیچ زەرەرێکی بۆ "پەز" نییە. حکوومەتیش خۆی بە قسە باسی "فرهنگ غنی اقوام ایرانی" دەکات . واتا ئەمە هەمان قسەکانە کە لە بەرنامەی "دوبارە می سازمت وەتەنی" موعین و ئیسلاح تەڵەبەکاندالە کاتی هەڵبژاردنەکانی هاوینی ڕابردوودا هەبوو!! بەڵام ئێستا لە هەلومەجی نوێێ بزووتنەوەی کورددا و کاریگەریی دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان لەسەر هەر سێ پارچەکەی دیکە ، حکوومەت وەک "سووپاپ" ی ئیتمینان کەڵکیان لێ وەردەگرێ و ئیجازەیان پێ دەدات وەک دەمڕاستی گەلی کورد خۆیان بناسێنن!!!
گەرچی جەنابانی "ئیسلاح"تەڵەب هەوڵی زۆر دەدەن بەرگی داکۆیکردن لە کورد و مافەکانی لەبەر بکەن ، بەڵام لە ڕاستیدا نە زەرفییەتی دیفاعی لێبراوانەیان لە خواستی گەلی کورد هەیە و نە لە لایەن گەلی کوردیشەوە دروشم و قسەکانیان بە جیدی دەگیرێ. وەک لە ئاخرین هەڵبژاردندا دیتمان هیچ پێشوازیەکیان لێ نەکرا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کوردە ئیسلاح تەڵەبەکان بە کەڵک وەرگرتن لە نەبوونی ئازادیی تێکۆشانی سیاسی بۆ جیابیران، خۆیان وەک نوێنەر و "رێبەر"ی گەلی کورد نیشاندەدا . بەڵام هەروەک دیتمان گەلی کورد لە مەیدانی کردەوەدا پێچەوانەی ئیدیعاکانیانی نیشان دا. شتێک کە ئیسلاح تەڵەبەکان خۆیان پاش هەڵبژاردنەکان ددانیان پێدا نا .
لە درێژەی رێورەسمەکانی 16ی ئازەردا، رۆژی 17ی سەرماوەزیش لە سالونی نمایشی شانۆ لە زانکۆی ئازاددا رێورەسمێک بەرێوە چوو . ئەم کۆبوونەوەش کە

لەلایەن ناوندی "سیاسی – ئیسلامیی"خوێندکاریی "هاوڕێ" وە ڕێکخرا بوو لە چەند و چۆندا تا رادەیەک هەر وەک ڕێورەسمەکەی زانکۆی "پەیامی نوور" دەچوو . هەروەها لە زۆربەی زانکۆکانی کوردستاندا بە بۆنەی 16ی سەرماوەزەوە ڕێو ڕەسمگەلێک بەرێوە چوون . دیارە گرینگترین ڕێو ڕەسم لە لایەن خوێندکارانی کوردی زانکۆی تارانەوە بەرێوە چوو. ئەڵبەت سێ (3) ڕۆژ پاشتر واتا 19ی سەرماوەز . کە دەتوانین بە تاکە ڕێو ڕەسم و بیرەوەریەکی سەربەخۆی خوێندکارانی کوردی بزانین.

ئیمساڵ لەسەریەک حکوومەت بە پولیسی کردنی فەزای زانکۆکان و بڵاو کردنەوەی دام و دەزگاکانی جاسووسی و ئەمنیەتی لە ئاستی زانکۆکاندا توانی پێش بە کۆبوونەوەی ئازادانەی خوێندکاران بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی خوێندکار لە 16ی ئازەردا بگرێ. ئەم هەنگاوەی دەسەڵات هەلی بۆ ئیسڵاحتەڵەبەکان ڕەخساند تابەکەڵک وەرگرتن لە خوو و خسڵەتی هەلپەرەستانەی خۆیان بێنە مەیدان و خۆیان بە لایەنگری خوێندکار و "ئازادی" بناسێنن. بە بێ ئەوەی تەوزێح بدەن کە لە کاتی دەسەڵاتداریی ئەواندا چ بەڵایەک بە سەر خوێندکاردا هێنرا .

بە کورتی ئیسڵاحتەڵەبەکانی لە دەسەڵات دەرکراو و لە خەڵک دابڕاو، ئیمساڵ بەشێوەیەکی بەربڵاو خۆیان تێکەڵی مەراسمە(ئیجازەدراوە)کانی 16 ی ئازەر(سەرماوەز) کرد. ئەمە نەک هەر لە کوردستان بەڵکە لە ناوچەکانی دیکە و بەتایبەت لە تاران بە زەقی دەبینرا . گەرچی مەبەستی ئەم دۆڕاوانە ، خۆ خزاندنە ناو جەماوەر (بەتایبەت توێژی تێگەیشتوو)ە، بەڵام ئامانج و ڕێبازیان داتەپیوتر لەوەیە کە بتوانی لەگەڵ خواستە ڕادیکاڵەکانی خوێندکاران و بە تایبەت گەلی کورد خۆی دوق بدا، و بێگومان هەر لەپەڕاوێزدا دەمێننەوە و دەبێ چاو لەدەستی باڵەکەی تری حکوومەت بن . چوونکە ئەوەی تا ئێستا ئیسڵاحتەڵەبەکان لە خۆیان نیشانیان داوە بەگشتی لە گەڵ باڵەکەی تری دەسەڵاتی ئیسلامی جیاوازیەکی زۆری نەبووە . و لە سەر سەرکوتی ئازادی و بەتایبەت بێ مافیی گەلی کورد یش هەروەک ڕابردوو هیچ جیاوازیەکیان نییە .

**سەرماوەزی 2005**